# کۆنگرەی پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان

## ڕاسپاردەکان

**__پێشەکی :__** دەسەڵاتی دادوەری لە ڕۆژانی 29 و 30 ئایاری 2015 لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ، کۆنگرەی **پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان** ساز کرد بە ئامادەبوونی 234 ئەندام کە پێکهاتبوون لە نوێنەرانی (پەرلەمانتار و یاسانასانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و دەستە سەربەخۆکان و دادوەران لە ئەنجومەنی دادوەری و دادگای تەمیزی و دادگاکانی تر وئەندامانی داواکاری گشتی و ئەنجومەنی شورا و پەیمانگای دادوەری و لێکۆلەرەوەی دادی و پارێزەران و مافپەروەران و مامۆستایانی زانکۆ و شارەزاو پسپۆڕانی بیانی و ناوخۆی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی) کە ڕۆژی یەکەم کۆی ئەندامان بەسەر 6 تەوەری سەرەکی دابەشکران و لەهەرتەوەرەیەك ڕاسپاردە و پێشنیار پێشکەش کرا کە کۆی ڕاسپاردەکان (27) ڕاسپاردەی سەرەکی بوو ، و لە ڕۆژی دووەمی کارەکانی کۆنگرە بە ئامادەبوونی بڕیاردەری لێژنەکان و لایەنە هاوکارەکان و لێژنەی ئامادەکاری و پسپۆڕانی وڵاتی لوبنان و ئوردن و هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق و کوردستان ، دوو لایەن تاوتوێ کرا بە پێی بەرنامەی دارێژراوی کۆنگرە ئەوانیش ( دانانی نەخشە ڕێی پلانی ستراتیژی پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان ، و پێوەرەکانی دانانی لێژنەی بەدواداچوونی ستراتیژی پەرەپێدان).

شایەنی باسە ماوەی سالێك ئەم پرۆژەیە بەردەوام بووکە تیادا جگە لە کۆنگرە (10) دانیشتن لەگەڵ تەواوی جومگەکانی پەیوەندیدار بە ئامادەبوونی (219) شارەزا ئەنجامدرا تیادا (46) راسپاردەی سەرەکی پێشکەش کرابوو ،لەگەڵ سەردانی کردنی ئەزموونی چەند وڵاتێك بۆ سوود وەرگرتن لە پرۆسەی بەرەوپێشبردن و چاکسازی و پەرەپێدانی دەسەڵاتی دادوەری.

ڕاسپاردەکانی کۆی کارەکانی پرۆژە کۆ کراونەتەوە لە(38) راسپاردە ، و دابەشدەکرێت بە پێی چومگەکانی پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری کە خۆی لە بوارەکانی :

**بەشی یەکەم : بنەماکانی دەستور و یاسای جومگەکانی دەسەڵاتی دادوەری**

**بەشی دووەم : کارگێری و ڕابەرایەتی بە ئاراستەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان**

**بەشی سێیەم : تەکنەلۆجیا و بەئەلکترونی کردن**

**بەشی چوارەم: نەخشەسازی دارایی**

## بەشی یەکەم : بنەماکانی دەستور و یاسای جومگەکانی دەسەلاتی دادوەری

أ. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بە ڕوونی سەربەخۆیی دادوەری و کارگێری و دارایی دابین بکات ، وە جومگەکانی دەسەلاتی دادوەری وەکو یەك خێزان باسیان بکات کە پێکهاتوون لە( دادگای دەستوری ، ئەنجومەنی دادوەری ، دادگای تەمیز ، ئەنجومەنی داواکاری گشتی ، ئەنجومەنی شورا ، پەیمانگای دادوەری ، پۆلیسی دادوەری ، سەرپەرشتیاری دادوەری).

ب. هەمواری یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە ( 23 ) سالی ( 2007 ) بکرێتەوە و بە ئاراستەی گونجانی لەگەل بنەماکانی دەستور و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان ، کە لە ئێستادا یاساکە زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەنجومەنی دادوەریە نەوەك دەسەلاتی دادوەری .

ت. لە هەمواری یاسای دەسەلاتی دادوەری دەبێت پێگەو بوونی ئەم دەسەلاتە هاوشانی دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن بێت .

پ. بە پێی یاسای هەموارکراو پێویستە ماف پێشکەش کردنی پرۆژە یاسای هەبێت تایبەت بە بوارەکانی دادوەری .

ج. بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری دادگاکان یاسای تایبەت بە پۆلیسی دادوەری ( الشرطة القضائية) دەربچێت و سەر بە دەسەلاتی دادوەری بێت.

ح. دەرکردنی یاسای تایبەت بە سەرپەرشتیاری دادوەری کە لە هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەك نیە کە کاروباری سەرپەرشتی کردنی دادوەران ڕێکبخات .

خ. دەرکردنی یاسایەکی هاوچەرخ بۆ دەزگای داواکاری گشتی کە بە شێوەیەك گەرەنتی کارکردنی بکات بە ئاراستەی چاودێری ڕەوایی ( مراقبة المشروعية ) ، بە شێوەیەك کە دەزگای داواکاری گشتی ڕۆل و دەسەلاتی تەواوی هەبێت لە دادگاکان و لە بەرەنگار بوونەی گەندەلی و پارستنی مافە گشتیەکان.

د. چارەسەر کردنی کێشەی مەرجەعیەتی داواکاری گشتی بەو شێوەیەی کەوا گونجاو بێت لەگەل دەستووری وولات ، وە سەربەخۆیی کارگێری و دارایی لە چوارچێوەی ئەنجومەنی داواکاری گشتی پارێزراو بێت .

ژ. یاسای ئەنجومەنی شورا و دادگا کارگێریەکان ژمارە (14) سالی2008 هەمواربکریتەوە بە ئاراستەی گونجانی لەگەل بنەماکانی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان .

ر. پەیمانگای دادوەری دامەزراوەیەکی گرنگی پێگەیاندنی دادوەرانە ،پێویستە کارا بکرێت بە ئاراستەی گونجانی لەگەل پرنسیپی فرێکاری نوێ لە پێگەیاندنی دادوەران و داواکاران و لێکۆلەرەوە و پارێزەران و فەرمانبەرانی دەسەلاتی داوەری ، هەروەها پرۆتۆکۆلی هاوکاری و هەماهەنگی ببەستێت

لەگەڵ پەیمانگاکانی دادوەری هاوشێوە لە ولاتانی پێشکەوتوو لە بواری ڕاهێنان و ئاڵوگۆری ئەزموون.

ز. کۆکردنەوەی سەرجەم لێکۆڵەروەی دادوەری و دادیەکان لە بەڕێوەبرایەتی گشتی لێکۆڵینەوەی دادوەری و ئەرکی لێکۆڵینەوە لە پۆلیس وەربگیردرێتەوە و بدرێت بە لێکۆلەرەوەی دادوەری و دەسەلاتەکانی بە پێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ( اصول محاكمات جزائية) ڕێك بخرێت.

س. بە هێزکردنی پێگەی پارێزەران لە پرۆسەی دادپەروەری ،بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕەوایی نەبوونی دادگایی کردن بە بێ بوونی پارێزەر لەسەرجەم قۆناغەکانی دادبینی وەکو لە یاسادا هاتووە و لە پراکتیك جێبەجێ نەکراوە.

ش. پێداچوونەوە بۆ یاسا بەرکارەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامەکانی تایبەت بە گرنتییەکانی دادگایی کردنی بێگەرد .( ضمانات المحاكمة العادلة ) .

ص. هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 ، وە یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی ژمارە 23 ساڵی 1971 ، و یاسای چاودێری نێوجەوانان ژمارە 76 ساڵی 1983 بە ئاراستەی سوود وەرگرتن لە هەژموونی وولاتان لە هەمبەر یاسای سزا جێگرەوەکان.

چ. بە پشت بە ستن بە بنەمای دەربازنەبوون لە سزا (عدم افلات من العقاب) کۆنگرە داواکارە کە لێبوردنی گشتی نەمێنێت و لێبوردنی تایبەت بلکێندرێت بە دەسەڵاتی دادوەری بە پێی بنەماکانی چاکسازی، هەروەها بابەتی حصانە بەرتەسك بکرێتەوە بە پێی پێوەر نێودەوڵەتیەکان ، وە بوارەکانی ڕێگاپێدانی مەرجەع بەرتەسك بکرێتەوە.

گ. هەمواری یاساکان بە ئاراستەی گونجان لەگەڵ هەلگرتنی سزای لەسێدارەدان بە پێی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان .

## بەشی دووەم : کارگێری و ڕابەرایەتی بە ئاراستەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاولاتیان

أ. کارایی وخێرایی لە یەکلای کردنەوی داواکان بە پێ یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی (اصول محاكمات جزائيه) وە یاسای دادبینی شارستانی ( قانون المرافعات المدنيه).

ب. گرتنەبەری ڕێکارەکانی چۆنیەتی خزمەت گەیاندن بە هاولاتیان بە بەشداریان لە هەلسەنگاندنی کەرتی دادوەر بۆ قولکردنەوەی متمانە بە دەسەلاتی دادوەری .

ت. گرتنەبەری ڕێکارەکانی ڕابەرایەتی و کارگێری سەرەکەوتوو لە دەسەلاتی دادوەری و جومگەکانی بەبنەمای کەسی شیاو لە شوێنی شیاو کە هەندێ بۆچوون لەگەل میکانیزمی هەلبژاردن بوون بۆ سەرکردایەتی کردنی جومگەکان .

پ. ڕاهێنانی بەردەوام و دابین کردنی سەرچاوەی نوێ و تازە بۆ خێزانی دادوەری بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەند و سەنتەری توێژنەوەی جیهانی و ناوخۆی تایبەتمەند .

ج. گرتنەبەری ڕێکاری جیاواز و سەردەمیانە بۆ هەلسەنگاندنی توانای سەرکەوتووی دادوەران و سەرجەم پێکهاتەکانی دەسەلاتی دادوەری.

ح. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان لە سەرۆکایەتی پەیمانگای دادوەری بۆ بەهێزکردنی توانای سەرجەم پێکهاتەکانی دەسەلاتی دادوەری وە بەشداریان لە خولەکان بە شێوەی ئیلزام دەبێت.

خ. فراوانکردنی بنەمای شەفافیەت وبلاو کردنەوەی زانیاری و داتا بە شێوەیەکی خێراو بەردەوام وە گەیاندنی بە هاولاتیان لە ڕێگای کەرستە جۆراوجۆرەکان .

د. فراوانکردنی شریکایەتی و کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆ و بیانیەکان بە ئامانجی هۆشیاری یاسایی و فراوانکردنی خزمەتگوزارییە یاسایەکان .

ژ. کردنەوەی دەرگای دادگاکان بەڕووی ڕۆژنامەنوسان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

ر. کردنەوەی سەنتەری وە یان (بەریوەبەرایەتی) پەرەپێدانی دادوەری کە گرنگی بدات بە بەرەوپێش بردنی ڕەوشی دادوەری هەروەك لە ولاتانی پێشکەوتوودا هەیە و هەولی بەدواداچوونی واژۆکردنی یاداشتنامەی لەیەکتر تێگەیشتن نێوان دەسەلاتی دادوەری لە هەرێم و ولاتان لایەنی جێبەجێ کاری ستراتیژی دەسەلاتی دادوەری بدات .

ز. کردنەوەی نوسینگەی هونەری لە سەرۆکایەتی دادگای تەمیز بۆ ئەوەی ببێتە ئاسانکاری کاری دادوەران وەکو ئەزموونی ولاتی ئوردن .

س. بایەخ دان بە پرۆژەی دادوەرانی دوا ڕۆژ ( قضاة المستقبل)، کە دەرچووانی یەکەمەکانی کۆلێژەکانی یاسا ڕەوانەی زانکۆ جیهانیەکان دەکرێن تاوەکو ئامادەبکرین بۆ پیشەی دادوەری لە ئایندە و شارەزای زمان و سیستەمی دادوەری بن بەتایبەت بۆ ولاتانی فەرنسا و بریتانیا و ئەمریکا و ئەلمانیا دواتریش لە پەیمانگای دادوەری راهینانیان پێ بکرێت.

ش. دانانی ڕێکاری خوڕەوشتی دادوەر ( مدونة سلوك القاضي).

ص. گرنگی دان بە پەرەپێدانی بنەمای تایبەتمەندێتی ( التخصص) لە کاری دادوەری .

## بەشی سێیەم : تەکنەلۆجیا و بەئەلکترونی کردن

أ. لە چوارچێوەی گەشەی تەکنەلۆجیا بە قۆناغ ،تەواوی ڕێکارەکانی دادگای کردن بە ئەلکترونی بکرێت، ئەزمونی دادگای سلێمانی گشتاندنی بۆبکرێت لە هەولێر و دهۆك.

ب. شێوازەکانی بە ئەلکترۆنی کردن لە پەیمانگەی دادوەری بخوێندرێت .

ت. خۆش کردنی زەمینەی گونجاو بۆ بەئەلکترونی کردن و دەرکردنی ڕێساو و ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی بە ئەلکترۆنی کردنی و مسۆگەر کردنی توانای تەکنیکی پێویست بۆ ئەو مەبەستە و سوود وەرگرتن لە وڵاتانی پێشەکەوتوو وەکو وڵاتی ئەستۆنیا و ئوردن.

پ. بەردەوامی دان بە بنکەی یاساکانی عێراقی ( قاعدة تشريعات العراقية) و دامەزراندنی هەمان بنکە بۆ یاساکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی .

## بەشی چوارەم: نەخشەسازی دارایی

أ. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت لە دانانی بوجەی دەسەڵاتی دادوەری و پێشکەش کردنی بە پەرلەمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە بێ تێپەڕاندنی بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن وەکو ئەزموونی عێراق .

ب. دەسەڵاتی دادوەری لە نەخشەسازی دارایی ڕەچاوی ئەو بەرەوپێش چوون و گۆڕانکاریانە بکات کە بەسەر دەسەڵاتەکە دادێت لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی .

ت. بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژی پەرەپێدانی دەسەڵاتی دادوەری

پ. بنەمای ( لامەرکزیەت ) پەیڕەو بکرێت لە دانان و خەرجکردنی بودجە لە نێوان چومگەکانی دەسەڵاتی دادوەری .

لێژنەی ئامادەکاری

کۆنگرەی پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری هەرێمی کوردستان

29 – 30 ی ئایاری 2015 .

هەولێر